سەرۆک کۆمار سەرکۆنەی هێرشەکەی سەر کۆرمۆر دەکات



سەرۆککۆماری عێراق رایدەگەیەنێت "بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشە دەکەین کە ئێوارەی هەینی کێڵگەی غازی کۆرمۆری کردە ئامانج و بووەهۆی ئەوەی شەهید و بریندار و بچڕانی کارەبای لێبکەوتەوە".

لە بەیاننامەیەکی نووسینگەکەیدا عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراق رایدەگەیەنێت "ئەم جۆرە کردەوە تاوانکارییانە پێشێلکردنی بەرژەوەندیی گشتیی دەوڵەت و هاوڵاتییانە و هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری وڵات دەکەن".

لە بەیاننامەکەدا هاتووە "پێویستە دەزگا ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە لە رووداوەکە بکەن و هۆکارەکەی ئاشکرا بکەن و لێپرسینەوە لە تاوانباران بکەن و هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە.

سەرلەئێوارەی ڕۆژی هەینی 26ی نیسانی 2024، بە درۆن هێرشکرایەسەر کێڵگەکەی کۆرمۆر و بەهۆی هێرشەکەوە ئاگر لەناو کێڵگەکە کەوتەوە و چوار کەس گیانیان لەدەستدا و 6ی دیکە بریندار بوون.